# ڕۆمان یان ئۆتۆبیۆگرافی

خەسرۆ پیربال

ڕۆمان وەکوو هەر ژانرێکی ئەدەبی و هونەری تر, دابڕاو نیە لە واقیع و ژیان بە گشتی وە بە تایبەتیش لە ژیانی نووسەران و هونەرمەندان. بێگومان کاریگەری کەسایەتی نووسەرو ڕووداوەکان , لەبەر ئەمەشە هەندێك جار مێژوو و ڕووداوەکان زۆر بە ئاشکرا دیاردەبێت لە ناو هەر دەقێك وکارێکی هونەریدا( ڕۆمان – چیڕۆك– تابلۆ...).

لە نێو چەشنەکانی ئەدەبدا ئەوە تەنیا ڕۆمان نیە کە پەیوەندی بە خودی ژیانی نووسەرو ژیاننامەکەی هەبێت, بەڵکوو دەکرێت لە نێو شیعرو تابلۆ و هەر کارێکی ئەدەبی و هونەری تردا بە ئاشکرا یان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەردەکەوێت.

لە ناو ئەدەبی کوردیدا زۆر ئاشکرایە کە سنوورو پێناسەی ژانرە ( چەشنەکان ) زۆر دیاریکراو نین, بە تایبەتی سنووری ڕۆمان/ ئۆتۆبیۆگرافی, کە بە بۆچوونی من ئەمانە دوو شتی تەواو جیاوازن, سەلیقەی نووسینەوەی ژیاننامە دەبێت جیاواز بێت لەگەڵ ڕۆمان , کە لەخۆیدا چەشنێکی ( ژانرێکی) سەربەخۆ و تەواو جیاوازی هەیە بە بەراوورد لەگەڵ ژانرەکانی تری ئەدەب ,لەبەرئەوەی چیڕۆك و ڕۆمان ئاسمان و دوونیایەکی خاوەن فەنتازیاو سیحری تایبەت و فراوانتری هەیە .

کاتێك نووسەر هەوڵی‌نووسینی ڕۆمانی هەبێت, بێت و یاداشتنامەی خۆی بکاتە ڕۆمانێك, ئەوە دەبێت خاوەنی تەکنیك و سەلیقەیەکی بەرز بێت و شارەزاییەکی تەواو و بە توانای هەبێت , تەنها ئەو سەلیقە بەتووانایەی نووسەرە کە لە تەك هەموو ووردەکاریەکانی تردا لە نووسینی ڕۆمان کە سەرکەوتوویی نووسەر بەدەستدێنیٚ و ئەو دەقە دەکاتە دەقێکی زیندوو , بۆ ئەمەش لە ناو ئەدەبیاتی جیهانیدا نموونەی زیندوو, هەیە بۆ نموونە لای (کافکا و فلۆبێر ) کە ئەزموونی زۆر بەرچاوون, پاش ئەوەی بەرهەمەکانیان بڵاوکردەوە تووشی کێشەی گەورە هاتن, بەڵکوو زیاتریش ,فلۆبێر پاشئەوەی ڕۆمانی – مەدام بۆڤاری – بڵاوکردەوە درا دادگا.

هەتا ئەمڕۆش لە ناو ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا, بەتایبەت لە بوواری ئۆتۆبیۆگرافی و نووسینی ژیاننامەکان کێشە دەنێنەوە, نموونەی هەندێك لە هەوڵی نووسینەوەی مێژوو ویاداشتەکان لە فەرەنسا( جاك ئەتالی ) لە نووسینەوەی ژیاننامەکەی, هەروەها لای هەندێك لە نووسەرە ئەڵمانیەکان چاکترین نموونەی ئەو حاڵەتەن.(1)

لە ناو ئەدەبی کوردیشدا, باشترین نموونە لە کۆنەوە ( لەخەوما ) کە هەتای‌ئێستاش کە باسی دەکرێت سەرجەم بۆچوونەکان زۆر جیاوازن و گفتووگۆی لەسەر دەکرێت, هەروەها ( تێکشان ) ی سەرۆ قادر و ( ملازم تەحسین و شتی تریش ) دکتۆر فەرهاد پیرباڵە .

**لای خۆمان هەر سێ بەرهەمەکان دەکرا ببنە هەوێن و سەرەتایەکی سادە , بە هەقیقەت بخوێندرابانەوە,وە کاری‌لەسەر بکرابایە , لە بوواری هونەری و تەکنیکی نووسینی دەقەکان, بە واتای ووشە ڕەخنەیان لێبگیرابا, نەوەکوو هەڵوێستی ڕەق دەمکوتکەرەوەی بەرامبەر بکرێت( یان نووسەرەکانیان بدەنە دادگا).**

**دەربارەی ملازم تەحسین ,.... لێرەدا دەبێت هەوڵی نەجم ئەڵوەنی , ئەحمەدی مەلا دەستنیشان بکەیین , کە وەکوو تاقە هەڵسەنگاندنێکن کە هەتا ئێستا نووسراون, کە بەشداری دەکەن لە شیکردنەوەیەکی زانستیانە لە سەر بوونیادی گێڕانەوەو سەلیقەی نووسەرو بەرهەمەکە. ( 2)**

**ئەوەی جێگای سەرەنجە , ئەمڕۆکە بە گشتی لە ناو فەرهەنگی کوردستانیدا , بە تایبەتی لە ناو ئەدەبیاتماندا , بە خۆشحاڵیەوە گەلێك هەوڵی جوان و چاولێکەری ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا هەیە, ئەمەش ئەدەبیاتی کوردیمان دەوڵەمەنتر دەکات, لێرەو لەوێ گەلێك سەلیقەو ژانری نوێ ی ئەدەبی سەریان دەرکردووە, دەکرێت بە ڕەخنەی بنیاتنەرو پۆزەتیف تەکانێکیان بدرێتێ, لێرەدا مەبەستم لە نووسین و ڕەخنەی نووسەران و ڕۆشنفکران نیە, بەڵکوو ڕەخنەم ئاراستەی دەسەڵات دەکەم ئەمڕۆکە لە کوردستاندا, کە بەرامبەر هەندێك لەو هەوڵانە ڕۆڵی دەمکووتکەرەوەیان هەبووە .( 3)**

**بە شێوەیەکی گشتی ,لە ناو ئەدەبی کوردیدا , هەوڵی نووسینی ڕۆمان/ ئۆتۆبیۆگرافی دراون , بە لام سەرکەوتوو نەبوونە, لە بەر دوو هۆکاری گرینگ:**

**یەکەم: ( ئەفراندن و سەلیقەی نووسەران ), نووسەران نەیانتوانیوە وەکوو پێوویست دەسەلاتدار بن لە بواری هونەری‌و تەکنیکی نووسینی ڕۆمان ,وە یان لە بواری زمانەوانیدا کێشەیان هەبووە, بەرهەمەکانیان نەگەیوونەتە سنووری ئەفراندن.**

**دووهەم: کۆمەڵگای کوردەواری ,بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵگایەکی ناهووشیارە ,ئاستی ڕۆشنبیری بەراوورد ناکرێت لەگەڵ کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی ئەمڕۆی ڕۆژئاوا و ئەوروپا.**

**هەر لە بەر ئەم دوو هۆیانەشە کە هەتا ئەمڕۆکە هیچ ڕۆمانێك یان ئۆتۆبیۆگرافێك سەرکەوتوو نەبووە, نموونەکانیش دیارن, بەڵکوو خوێنەر لە کوردستان نەیتوانیوە خۆی حکووم لە سەر تێکستەکە( دەق) بکات, لە بەرئەوەی هەر زوو بابەتەکە لە کتێبخانەکاندا بزر کراون وسووتێنراون, نەگەیشتوونەتە بەردەستی خوێنەر.**

**دیارە ڕۆمان هەندێك لە ئۆتۆبیۆگرافی دەچێت, بەلام ئەوەی گرینگە کە نووسەر بتوانێت بە سەلیقەو تواناداری هەندێك چارەسەر بۆ نووسینەوەی دەقەکە بدۆزێتەوە, سەرکەوتووانە دەسەلاتی بەسەر گرفتە تەکنیکیەکان زمانەوانیەکاندا بشکێت.(4)**

به شێوەیەکی گشتی زۆر ئاساییە کە جۆرێك لە تێکەڵبوون هەبێت لە نێوان ڕۆمان / ئۆتۆبیۆگرافی, بۆنی یاداشتنامەکان لە ڕۆماندا بکرێت وە بە پێچەوانەوە, بەڵام دەبێت لە ڕووی هونەریەوە دەسەڵاتی نووسەر دیار بێت, سەلیقەیەکی بەهێزی هەبێت, هەندێك مەرجی تری نووسینی ڕۆمان لەو دەقەدا بەدیبکرێت.

فەرهاد پیرباڵ لە ( ملازم تەحسین و شتی تریشدا) , تێکەڵبوونێك لە نێوان یاداشت و یادگاریە تایبەتیەکانی خۆی سالآنی زانکۆی لە سولەیمانی(1981) و ئەزموونی خۆشەویستیەکی خۆی تەوزیف کردووە, لەگەڵ هەندێك ووردەکاری مێژووی و سیاسی تایبەتی ئەو ساتی سولەیمانی وە ئەو نوۆقڵەی لێکەوتۆتەوە. هەروەها بەهەمان شێوەش ( کاروان عومەر کاکەسوور) هەمان شێوەی گێڕانەوەی منداڵی خۆی لە ( منداڵیم ئاسکێك بوو بەسەر پەلکە زێڕینەدا بازبازێنی دەکرد )وە هەندێك لە بەرهەمەکانی تریدا, لەتەك ئەوەی نووسەر باس لە خودی منداڵی خۆی دەکات, بەڵام بە سەلیقەیەکی جوان و دەسەڵاتێکی هونەری باشەوە , پڕ لە سیحرو فانتازیا ڕۆمانێکی داهێنراوی بەرهەم هێناوە.( 5)

سنوورێکی دەستکرد و بینراو هەیە لە نێوان ئەم دوو دوونیانەدا , ئەزموونی تایبەتی نووسەران و ئەو دەقەی دەینووسن, ڕۆمان بێت یان ژیاننامە , بەکارهێنانی ووردەکاری و فاکتەرەکانی چیرۆکی تایبەتی نووسەران لە دروستبوونی دەقێك, ڕۆمانێك , چیرۆکێك ,مەسەلەیەکی زۆر ئاساییں, بەڵام دەبێت کۆمەڵگا هووشیار بێت, بۆ ئەوەی ئەو بەرهەمە نەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە بۆ نووسەران , وە بەتایبەتی بۆ نووسەرانی قەلەندەری کورد کە دوورن لە هەر داکۆکیەکی دەسەڵات و کۆمەڵگا.

دیارە فاکتەری هووشیاری نەتەوەو کۆمەڵگا لە دەسەڵاتی هونەری نووسەر, یان لە تەکنیك و شێوەی بەکارهێنانی ئەزموونە تایبەتیەکانی نووسەر گرینگترە , لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوودا هەندێك جار تەنانەت باسکردنەوەی کارەساتێك, یادگاریەکی نەتەوەی , ڕۆژێك... هەتا ئەگەر بەهۆی دەقێکی جوانیشەوە بێت دەبێتە سەرهێشەیەکی گەورە ڕاوەدوونانی نووسەرەکە.

بە بۆچوونی ئێمە ئەدەب بەگشتی دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ باسکردنی دیاردە و کارەساتەکانی میللەت و کۆمەڵگا, بەتایبەتی ئەو بابەتانەی کە وەکوو ( تابوو ) یان شەرمێك لە ڕابردوومان ماونەتەوەو باسناکرێن, یان دیاردە ناشرینەکانی کۆمەڵگا, وە لە ناو فەرهەنگ و مێژووی ئێمەدا گەلێك ڕووداو لە ناو تاریکی و بێدەنگیدا ماونەتەوە, هەتا مێژوونووسانیش باسیان نەکردووە, بلا با ببێتە ئەرکێکی نووسەران و چیرۆکنووسان بە زمانێکی سیحراوی و شێوەیەکی هونەری تەوزیف بکرێت و بنووسرێتەوە.

خەسرۆ پیرباڵ
Pirbal@hotmail.com

سەرچاوە وپەراوێزەکان:

1- جاك ئەتالی، نووسەرو ڕۆشنبیری فەڕەنسی ، بۆماوەی 14 ساڵ ڕاوێشکاری فەرهەنگی سەرۆکی فەڕەنسی بوو، ( ڕۆمان ) یاداشتنامەکەی هەرایەکی زۆری نایەوە، دەربارەی سیاسەت و هەڵوێستی حکومەتی فەڕەنسی لە ماوەی 14 ساڵی سەرکردایەتی فڕانسوا میتێران.

2- نەجم ئەلوەنی، ڕامان ژمارە 67-68 ، زۆر بە ووردی دەربارەی بوونیادی گێڕانەوە لە کورتە ڕۆمانی مولازم تەحسین و شتی تریش ... . دەکرێت بە یەکەمیین هەوڵی ڕەخنە دابنرێت دەربارەی ڕۆمانی ناوبراو. هەروەهابرای بەڕێزم ئەحمەدی مەلا لە ڕۆژنامەی هاووڵاتیدا( ژمارە : 52- ڕۆژی 2002/12/10 ) ووتارێکی دەربارەی لایانی تەکنیکی ڕۆمانەکە بڵاوکردۆتەوە.

3- پاش بڵاوکردنەوەو لە چاپدانی ڕۆمانی ملازم تەحسین و ... لە لایان بنکەی گەلاوێژ لە سولەیمانی کە بەڕێز مەلا بەختیار سەرپەرشتی دەکات ،لە سولەیمانی لە لایان هەندێك کەسەوە وە بە هاوکاری کردنی دەزگای پێشمەرگە، بە ڕێگای دادگاوە، هەڕەشەیان کردە سەر نووسەری ڕۆمانەکە .

تۆمەتیئەوەیا دابووە پاڵ نووسەر کە گوایە ( سووکایەتی بە پێشمەرگەکانی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان کردووە ) , وە لەبەر ئەوەش بوو ئەمری قەبزیان دەرکرد، ئەم هەراو هۆڵایە بەردەوام بوو هەتا سکرتێری گشتی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان ڕاستەوخۆ نامەیەکی ئاراستەی بنکەی گەلاوێژو خەڵك کرد ,وە لە کوردستانی نوێش بڵاوکرایەوە( ژمارە: 2639 ڕۆژی 2001/12/22 ) . بە پیێ ئەو نامەیە داوا لە مەحکەمە کرا کە لە نووسەر خۆشبن هیچ ڕەفتاری یاسای دەرهەق نەکرێت.

4- سعید یقتین، تحلیل الخطاب الروائی، بیروت - لبنان، 1977.
5- ئەسکەندەر جەلال، - گوڵان، 2002/1/24 ، ژمارە 366